کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
14:42 16-7-2007 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**لەشوان زە ندیقەوە... بۆکاک خالید بازیانی:**

پاش سالێک لەجیاتی وەڵامی من بۆ تۆ تکایە گوێ لە سێدە کەی کاک فەرهاد سەنگاوی تێکۆشەر بگرە کە چەند تورە یە لەگەندە لی... ئەو سێدە یەش وەلامێکە بۆ تۆ، بۆ فرۆکەخانە و بۆهێڵەکانی کوردستان...

ئازیزم پێش سالێک لەبەرواری 2006/07/16 دا لە سایتی کوردستان نێتدا ڕەخنەیەکت ئاراستەی من کرد بێ بەزەییانە پەلار ئاسا هاویشتت بێ ئەوەی بمناسی (بەناوی: کورد دۆستی وەك كاك شوان زە ندیقی هەبێت دووژمنی ناوێت) تەنها لەسەرئەوەی ووتارێکم بلاو کرد بۆوە بۆچاکسازی دەستکەوتەکان نەک بۆ ڕووخاندنیان بەپێچەوانەی، بەناوی (هەباسە لەفرۆکەخانەی سلێمانی چی باسە) رە نگە لەیادت بێت کەمن وەلامتم نەدایەوە، چونکە خۆشبەختانە هەر زوو لەسایتی کوردستان نێتدا لەرۆژی 2006/07/21 دا (دانیار) ناوێک ماندووشەکەتی ئەورێگایە وەد ستی کارمەند وفەرمان بەرانی گەندە لی فرۆکەخانەی کوردستان وهێڵی ساوان بوو بەتێروتەسەلی وەلامتی دایەوە لەژێر ناوی (بۆکاک خالید بازیانی ئەم سال هاوینی سلێمانی گەرمە) . زۆرم پێخۆش بوو وەلامەکەت لەلایەکی ترە وە وەرگرت. بۆیە داواکارم لەبەرێزتان جارێکی تر ئەو ڕەخنەیەت بخوێنیتەوە بۆ ئەوەی بزانی هەنگاو هاویشتن بەپەلە لەشەوی تارێکدا کەوتنی لەدوایە، هەر بۆیە چاووم نوقاندو بێدە نگیم نواند و چاوە ڕوان بووم ڕۆژیک بێت زە مانە ئەم ڕاستییە بخاتە ڕوو نەک من، چونکە ئەمزانی من ناناسی وهیچ رقێکت لەمن نیە تەنها لەبەر دڵسۆزی و بێ ئەزمونیتە لەڕابردوو، بۆیە ئێستا پێت ئەڵێم ئەگەر:

ڕۆژێک لەرۆژان لەناو بەفەرو شەختەدا پێ یەکانت لەنێو پێلاوی لاستیک وئەدیداسدا برچیایە
وبتەزیایە دەستت لەسەر پلامیتکەی تفەنگ لەگۆ بچووایە
سکی برسیت بۆ گوێچکە نانێک قرمە قرمی بهاتایە
چڵك یەخەومیلوانی جلە خاکیەتی رە ش کردایە
کێچ وئەسپێ تەنگیان لێت هەڵبچنیایە
لە هەوراز و نشێوە کان پێیەکانت تۆقلەی بکردایە
لەشەواندا لەترسی جاش خەو لەچاووت بتۆرایە
لە شیرینی خەوی قولا جێگەی گەرمت جێ هێشتایە
پەنجەت لە چاووت بئاخنایە وبەرپێی خۆتت نەبینیایە
تەنها شەوێک لەرێگادا سەرسمێکت بدایە
چاووەکانت بۆ قنچکێک گۆشت شەوکوێر بوایە
گیرفانەکانت بێ پارە و پوڵ خاڵی و بەتاڵ بوایە
بەنەخۆشی، بەبێ خزمەت، بەبێ دە رمان گیانت لەژێر بەفروباران بلەرزیایە
تۆپ وفرۆکەی بەعس ئۆقرەی لێت ببڕایە
جارێ لەجاران ستەمی دە ستی بەعست بچەشتایە.
ئەوسا بەگەندەڵی و کەمتەرخەمی قەرس و تورە و بێزار ئەبووی.

شوان زە ندیق
2007/07/16

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.